کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# هاوارێك له‌ به‌ندیخانه‌كانی ( معسكر سه‌لام)ه‌وه‌ نامه‌یه‌كی كراوه‌ بۆ به‌رده‌می به‌رپرسان

به‌ندیخانه‌ی (معسكر سه‌لام ) كه‌وتۆته‌ ڕۆژئاوای شاری سلێمانی و چه‌ندین كه‌س به‌ تۆمه‌تی جیا جیا له‌و به‌ندیخانه‌یه‌ گیراون و ژیان به‌سه‌ر ده‌به‌ن . ئه‌م فه‌رمانگه‌یه‌ له‌ كاتی مناسه‌به‌كاندا مۆڵه‌تیان به‌ زیندانیه‌كان ده‌دا بۆ ماوه‌ی چه‌ند ڕۆژێك ، به‌ دانانی بڕێك پاره‌ تاكو گه‌ڕانه‌وه‌یان ، به‌ڵام له‌ به‌هاری ئه‌مساڵدا و دوای لێدوانه‌كه‌ی به‌ڕێز : حاكم ( شوان محیدین ) له‌ ڕۆژنامه‌ی ئاوێنه‌ كه‌ له‌ ژماره‌ (٥٢)دا له‌ لاپه‌ره‌ ١ به‌ ناونیشانی (زیاتر له‌ ٧٠ زیندانی مۆڵه‌تیان پیێ ده‌درێت ) كه‌ ناوبراو ئه‌و مۆڵه‌ت دانه‌ی به‌ پێشێل كاری یاسایی له‌قه‌ڵه‌م ده‌دات ، له‌و كاته‌وه‌ مۆڵه‌تی سزادراوان وه‌ستاندرا كه‌ ئه‌و مۆڵه‌ت پێدانه‌ له‌ چوارچێوه‌ی یاسادایه‌ و ببوه‌ چاره‌سه‌رێكی ده‌روونی بۆ به‌ند كراوه‌كان و دانه‌برانیان له‌ ژیانی ئه‌مرۆی وولاته‌كه‌یان .

به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ نه‌ك مۆڵه‌تی چه‌ند ڕۆژه‌ به‌ڵكو مۆڵه‌تی درێژ خایه‌ن بۆ هه‌ر یه‌ك له‌ به‌ندكراوان ( ك . ك : كه‌ به‌ ماده‌ی بێهۆشكه‌ره‌كان به‌ند كراوه‌ ، ن . ش : كه‌ به‌ ماده‌ی ٢٥ مرور به‌ند كراوه‌ ، ر : كه‌ به‌ ماده‌ی ته‌زویر به‌ند كراوه‌ ) هه‌ر سیێ له‌ ناوبراوان به‌ مۆڵێتی درێژ خایه‌ن ڕه‌وانه‌ی ماڵه‌وه‌ كراونه‌وه‌ له‌و سۆنگه‌وه‌ مۆڵه‌ت دانی ناوبراوان بۆته‌ جێگای نائومێدی به‌ندكراوه‌كانی دی ، كه‌ بۆچی ئه‌بیێ به‌رپرسان مۆڵه‌تی چه‌ند ڕۆژه‌ به‌ ڕه‌وا نه‌بینن بۆ به‌ندكراوان ، به‌ڵام له‌به‌رامبه‌ر ئه‌م سه‌رپێچیه‌ و مۆڵه‌ت دانه‌یان بێده‌نگ بن .

لێره‌وه‌ داوا ده‌كه‌ین كه‌ جیاوازیمان پێنه‌كرێت چونكه‌ به‌ندیخانه‌كان له‌ وولاتانی مه‌ده‌نیدا وه‌ك دامه‌زراوه‌یه‌كی شارستانین و به‌ گیانی لێبورده‌یی و باشبوونه‌وه‌ هاوكاری به‌ندیه‌كان ده‌كه‌ن

زیندانیه‌ك له‌ به‌ندیخانه‌ی معسكر سه‌لام